سەرۆك كۆمار: عێراق چەند پڕۆژەیەکی لە بواری پەرەپێدانی غازدا دەستپێکردووە

ئەمڕۆ شەممە عەبدولەتیف جەمال ڕەشید سەرۆك كۆمار دووپاتی کردەوە کە عێراق چەند پڕۆژەی لە بواری پەرەپێدانی غاز دەستپێکردووە.

ڕەشید لە میانی وتارەکەیدا لە حەوتەمین لوتکەی سەرۆکی دەوڵەتان و حکومەت لە ک□□بەندی وڵا تانی هەناردەکاری غاز- جەزائیر، ووتی :ئەوە ڕوون بووەتەوە کە جیهان پێویستی بە سەقامگیری هەیە لە کەرتی وزە و متمانە بەم سەقامگیرییە، هەروەك چۆن پێویستی بە وزە هەیە.

ئاماژەی بەوەکرد : هەوڵەکانی جیهانی هێشتا چڕکەنەوە بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان ئاسایشی وزە و کەمکردنەوەی دەردانی غازی ژەهراوی،کەمی وزە زیانی کەمتر نییە لە کاریگەرییەکانی گەرمبوونی مرۆڤ و نزیکەی ملیارێك کەس لە جیهاندا هەن کە دەستیان بە سەرچاوەکانی وزە نەگەیشتووە.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا ووتیشی : سەرەڕای هەموو ئاستەنگییەکان، وەزارەتی نەوت لە عێراق لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا بەرهەمهێنانی دوو هێندە کرد و گەیشتە (4.7) ملیۆن بەرمیل نەوت، بەجۆرێك عێراق بە تەنیا بەشداری دەکات لە یەك لەسەر پێنجی ئەو زیادبوونی بەرهەمە جیهانییەی بەدەست هاتووە.

ڕەشید ڕاشیگەیاند: پرۆژەی تەواوکەری خولی پێنجەم و پڕۆژەکانی خولی شەشەمان دەستپێکردووە کە

زەربەیان کێڵگەی غازی ئومێد بەخشن، ئەنجومەنی وەزیرانیش ڕاسپاردەکانی دامەزراندنی سەکۆیەکی غازی شل لە بەندەری گەورەی فاو پەسەندکرد ، کە یەکەم جارە لە جۆری خۆیدا لە وڵاتدا، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاسایشی وزە و هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی.

جەختیشی کردەوە: هەروەها هەنگاوی بە ئەنقەست دەنێین بۆ ئیستغلالکردنی غاز، پێش کۆتایی ساڵی 2023یش پڕۆژەیەکی غاز بەڕێوەچووە، ئەمساڵ وەزارەت لە ئێستادا هەوڵی زۆر دەدات بۆ ئەوەی زیاتر لە یەك پڕۆژەی غاز لە چەند ناوچەیەکدا دەستپێبکات لە عێراق.